# حوكمی نوێژی ئافرەت لەبەردەم پیاوەکەیەوە لە کاتی نوێژدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]


**موحەمەد صاڵح المنجد**

**سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)**



**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم صلاة الزوجة أمام زوجها أو بجواره وهو يصلي ﴾

« باللغة الكردية »


## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2012 - 1433

IslamHouse.com

## حوکمی نوێژی ئافرەت لەبەردەم پیاوەکەیەوە لە کاتی نوێژدا

**پرسیار :** حەز ئەکەم حوکمی ئەمە بزانم : ئەگەر هاتوو ژن وپیاوێك لەیەك ژووردا نوێژیان دەکرد، ژنەکە نوێژی سوننەتی ئەکرد، وە پیاوەکەیشی نوێژی فەرزی ئەکرد، واتە هەریەکەیان بۆ خۆی، ئایا واجبە لەسەر ژنەکەی لەدوای پیاوەکەیەوە بوەستێت، وەك ئەوەی لەنوێژی بەکۆمەڵدا لەڕیزی دووەمدا دەوەستێت ؟ یان دروستە بۆی کە لەدوایەوە بەهەنگاوێك یان دووان بوەستێت ؟ یان دروستە بۆی لەپاڵیەوە بوەستێت ؟ بەڵام کەمێك دوور بێت لێی ؟ خوای گەورە پاداشت خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** الحمد لله وکفی والصلاة والسلام علی نبینا المصطفی .

ئەگەر هاتوو هەریەکەیان بۆخۆی نوێژی دەکرد، ئەوە ژنەکە دەتوانێت لەهەر جێگایەکی پێی خۆشە بوەستێت ونوێژەکەی بکات، لەپاڵ پیاوەکەیەوە بێت یان لەبەردەمیەوە یان

لەدوایەوە، هیچ جیاوازیەكی نییە، چونكە هیچ پەیوەندیەك نییە لەنێوان نوێژەكانیاندا .

خۆ ئەگەر هاتوو ژنەكە لەگەڵ پیاوەكە نوێژی بەكۆمەڵیان دەكرد، ئەوە دەبێت ژنەكە لەدوایەوە بوەستێت، وەك فەرموودەی پیغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەڵگەیە لەسەر ئەمە : «عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه : أَنَّ جَدَّتَهُ مُلَيْكَةَ دَعَتْ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِطَعَامٍ صَنَعَتْهُ لَهُ فَأَكَلَ مِنْهُ ثُمَّ قَالَ قُومُوا فَلِأُصَلِّ لَكُمْ . قَالَ أَنَسٌ : فَقُمْتُ إِلَى حَصِيرٍ لَنَا قَدْ اسْوَدَّ مِنْ طُولِ مَا لُبِسَ ، فَنَضَحْتُهُ بِمَاءٍ ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَصَفَفْتُ وَالْيَتِيمَ وَرَاءَهُ ، وَالْعَجُوزُ مِنْ وَرَائِنَا ، فَصَلَّى لَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ انْصَرَفَ» [بوخاری ڕیوایەتی كردووە، بەفەرموودەی ژمارە (٣٨٠)، وە موسلمیش بەفرموودەی ژمارە (٦٥٨) ].

واتە : ئەنەسی كوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە كە داپیرەی بانگی پێغەمبەری خوای كرد (صلی الله علیه وسلم) بۆ خواردنێك كە لێی نابوو، ئەوە بوو نانی خوارد

وپاشان فەرمووی : دەی هەستن با نوێژتان بۆ بکەم، ئەنەس ئەڵێت : حەسیرێکمان هەبوو هێندە بەکارهاتبوو ڕەش وکۆن بوو بوو، هەستام ئاوم پێداکرد، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیە وسلم) هەستا بۆ نوێژکردن، منیش ڕیزەکەم ڕێکخست وهەتیوەکەش (مەبەستی پێی خۆی بوو) لەپشتیەوە وەستا، وە پیرە ژنەکەیش (مەبەستی پێی داپیرەی خۆیەتی) لەدوای ئێمەوە وەستا، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دوو ڕکات نوێژی بۆکردین وپاشان ڕۆیشت .

خۆ ئەگەر پیاو ئافرەت لەپشت ئیمامێکەوە نوێژیان کرد، یان پیاوان وئافرەتان هەموویان لەپشت ئیمامێکەوە نوێژیان کرد، سوننەت وایە ژنان لەدوای پیاوانەوە بن، بەڵام ئەگەر هاتوو ژن لەڕێکی پیاو لەم کاتەدا نوێژی کرد، ئەوە لای جمهوری زانایان نوێژی هەموویان دروستە، چونکە هیچ بەڵگەیەك نییە کە باس لە بەتاڵ بوونەوەی نوێژێکی لەم شێوەیە بکات .

لەم مەسئەلەیەدا حەنەفیەکان ڕایەکی تریان هەیە ودەڵێن : ئەگەر هاتوو بەبێ بوونی دیوارێك یان حاجزێك ژن لەڕێکی پیاوەوە نوێژی کرد ئەوە نوێژی سێ کەس لەو پیاوانە بەتال دەبێتەوە، پیاوێك لەلای ڕاستیەوە، وپیاوێك لەلای چپیەوە و پیاوێکیش لەدوایەوە، بەهەندێك مەرج کەباسیان لێوە کردووە، بەڵام ئەم ڕایەیان دەدرێتە دواوە لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەك لەسەر ووتەکەیان .

بەڵام ئەم شێوازەی کە پرسیاری لەبارەوە کراوە ناچێتە چوار چێوەی ئەم خیلافەی کە باسمان کرد، لەبەر ئەوەی ژنەکە خۆی بۆ خۆی بەتەنها نوێژەکەی دەکات، ولەپشت پیاوەکەیەوە بەکۆمەڵ نوێژ ناکات، یان هەردووکیان لەپشت ئیمامێکەوە نوێژ ناکەن، لەبەر ئەوە هیچ خیلافێك نیە لەسەر دروستی نوێژەکەیان، ئەگەر تەنانەت لەبەردەم پیاوەکەی یان لەتەنیشتیشیەوە نوێژەکەی بکات .

خوای گەورە زاناترە .